# پــــــارێزگای سلێمانی

## طلب تعبیر عن الاهتمام (دەربڕینی گرنگی پێدان )

**بۆ پرۆژەی:- (ئامادەکردنی دیزاینی ماستەرپلانی مەرزی سەیران بەند x سێهەم جار و کۆتایی )**

**کۆدی پرۆژە: 3253**

**شوێنی پرۆژە :قەزای پێنجوێن /ناحیەی گەرمك /مەرزی سەیران بەند**

**ناونیشانی ئەرکی راوێژکاری :ئامادەکردنی کاری ڕووپێویکردن و پشکنینی خاك و کاری تەلارسازی و کاری دیزاینی هەیکەلی پرۆژە و دیزاینی کارەبا و میکانیکی و ئیشی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ ماستەرپلانی مەرزی سەیران بەند**

**پــــــارێزگای سلێمانی دەیەوێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری سلێمانی دیزاینی ماستەر پلانی مەرزی سەیران بەند ئامادە بکات بۆ مەبەستی بە نێودەوڵەتی کردنی مەرزەکە .**

**بۆ ئەو مەبەستە پارێزگای سلێمانی داوا دەکات لەو نوسینگە ئەندازیاریە راوێژکاریانەی کە ئارەزوو مەندن بۆ دەربڕینی گرنگیدانیان لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزاری راوێژکاری ( خدمات الاستشارية ) بۆ ئامادەکردنی کاری ڕووپێویکردن و کاری پشکنینی خاك و کاری تەلارسازی کاری دیزاینی هەیکەلی پرۆژەکە و دیزاینی کارەبا و بەشی میکانیك ئیشی ئاو و ئاوەڕۆ و بەشی ساردی و گەرمی و بەشی ئاگرکوژاندنەوە بۆ ئەو بینایانەی کە تایبەتن بە کاری سنورەکان لە بواری گەشتیاری و بازرگانی دا وەکو( بینای گومرگ و بینای نشینگە و بینای کوالیتی کۆنتڕۆڵ و بینای کارگێری و ....هتد ) و پاشان گونجاندنی ڕێگاوبانەکان بە شێوەیەك کە جوڵەی بازرگانی ئاسان بکات و و تێکەڵاوی لەگەڵ جوڵەی گەشتیاری نەبێت و دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ کاری بارهەڵگرە بازرگانیەکان ) ماوەی جێبەجێکردنی دیزاینی پرۆژەکە :( 100 ) سەد ڕۆژی ڕۆژمێریە.**

**نوسینگە ئەندازیاریە راوێژکارەکان کە ئارەزووی بەشداریوونیان هەیە پێویستەئەم زانیاریانەی لای خوارەوە پێشکەش بکەن کە نیشانی دەدەن کە شیاون بۆ جێبەجێکردنی دیزاینی پرۆژەکە :**

**1-نوسراوێك بۆ دەربڕینی گرنگی پێدان بۆ ئەم پرۆژەیە**

**2- CVنوسینگە**

**3-کاری هاوشێوە**

**4 -شارەزایی لە بواری ڕێگاوبان**

**5- لە چۆنیەتی جوڵەی بازرگانی و گەشتیاری سەر سنورەکان شارەزاییان هەبێت**

**6-لیستی ستافی نوسینگە لەگەڵ CVیەکانیان بە شێوەیەکی کورت**

**ئەم ڕاگەیاندنە کراوەیە بۆ هەموو نوسینگە ئەندازیاریە راوێژکارەکان .**

**راوێژکارەکە هەڵدەبژێرێت بە پێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان ژمارە( 2 ) ی ساڵی 2016 کە لە لەیەن وەزارەتی پلاندانان دەرچووە بە پێی شێوازی ( LCS Least cost selection) .**

**7-دەبێت دۆکیومێنتەکان بە وێنەیەك ڕادەستی پارێزگای سلێمانی بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان /لیژنەی کردنەوەی تەندەر بکرێت تا بەرواری ( 2022/6/19) کاتژمێر 10:00 ی پێش نیوەڕۆ.**

**8-ڕۆژی کردنەوەی دۆکیومێنتەکان لە هەمان ڕۆژی ( 2022/6/19 ) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر کاتژمێر ( 10 ) ی پێش نیوەڕۆ .**

**تێبینی/1.کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو نوسینگەئەندازیاریە راوێژکاریە ی کە براوە دەبێت.**

**2.بودجەی پرۆژەکە لەسەر بودجەی ( صندوقی ادخار ) بە شێوەی ئەختینە بۆ ساڵی 2022.**

**ئەحمەد عەلی ئەحمەد**

**جێگری پارێزگاری سلێمانی**

**وێنەیەك بۆ**

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریاری/ گە نجینەی 2/ سلێمانی /بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- بەڕێوبەرایەتی بەڕێوبەرایەتی ئەندازیاری و هونەری سلێمانی /بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن .
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان /کاروباری دارایی/فرۆشتنی تەندەر بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ ئاگادارێتان.
- بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان / کاروباری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ ئاگادارێتان.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگادارێتان.
- ماڵپەڕی www.slemani.gov.krd / پارێزگای سلێمانی بۆکاری بڵاوکردنەوەی .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (05333193973) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەندازیار | ئەندازیار | لێپرساوی چاودێری و ڕاهێنان/کاروباری تەندەر | بەڕێوبەری گرێبەستەکان |